# مـالئـاوا

**زۆرمان وت بەڵام هەرگیز نەمانتوانی**
**لە حونجەکردنی نیشتیمان بگەین!**

**نامۆ سامان**

لەچاوەکانما بنوو ئەشێ ئەمشەو
خەون بەتەنیاییەوە ببینم
گەر عەشقی چاوەکانت لێمگەڕێ
ئەشێ ئەم شەو بەرلە تێگەیشتن
بەرلە حەقیقەتی چاوەکانت
من شتێک بڵێم
لەچاوەکانما بنوو ئەشێ ئەم شەو
بەرلە ناشتنی چاوەکان
ویژدان شتێکمان پێبڵێ
تۆ ئەی نیشتیمان
تۆ ئەی سەنگەری ڕێگەی خەبات
ماڵئاوا ماڵئاوا
ماڵئاوا ئەی کۆڵانە قورینەکانی شارو
مندالە بێنازەکانی نیشتیمان

ماڵئاوا ئەی ئازیز کەپەنجەکانم وەک
قردیلە لەپرچتا دەئاڵاند
لەچاوەکانما بنوو ئەشێ ئەم شەو
سەفەر جامتاکەی کۆکاتەوە
ئیتر بۆ ئەبەد پێمان بڵێ خودا حافیز
ئیتر بۆ ئەبەد پێمان بڵێ
من وەک خودا تەنهاو
وەک پەپولە عاشقو
وەک دڵی ئێوە خاڵی
خاڵی لە حونجەکردنی نیشتیمان